# پشتی هەڵکرد و هەڵات

[ كردي – كوردی – kurdish ]

دانەر: موحەمەد عەبدولڕەحمان ئەلعەریفی

وەرگێڕانی: مامۆستا مەجید حەمید مەجید

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

٢٠٠٩ - ١٤٣٠

islamhouse.com

# ( ولّت هاربة )

« باللغة الكوردية »

المؤلف: محمد بن عبدالرحمن العريفي

الترجمة: حميد مجيد حميد

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

١٤٣٠ - ٢٠٠٩

islamhouse.com

# پشتی هەڵکرد و هەڵات

## کۆمەڵە چیرۆکێکی واقیعی

بسم الله الرحمن الرحیم

الحمد لله رب العالمين ، والصلاة والسلام على رسول الله [ صلى الله علية وسلم] اما بعد
-:

هەر یەکێك لە ئێمە لە ژیانیدا کۆمەڵە رووداوێکی بینیوە کە هەندێك لەو رووداوانە دڵخۆشکەرن و هەندێکیان دڵتەزێنن ، هەندێکیان ئەنجامیان باش بووە و خاوەنەکەی بە سەر فەرازی دەرچووە و هەندێکیان— پەنا بە خوا— ئەنجامیان خراپ بووە و خاوەنەکەی لە پەشیمان بوونەوە زیاتر هیچی تری دەست نەکەوتووە ...

<u>لەم نامێلکە بچووکەدا .....</u>

نوسەر کۆمەڵە رووداوێکی سەیر باس دەکات کە هیوادارم ببنە پەند و ئامۆژگاری بۆ ئێمە و دەرسیان لێ وەربگرین بۆ ئەوەی —پشت بە خوا— لەو رووداوانەی کە ئەنجامیان خراپ بووە خۆمان بە دوور بگرین و ئەو رووداوانەی کە ئەنجامیان باش بووە بیکەینە پێشەنگی خۆمان تاوەکو ئێمەیش وەکو ئەوان سەرفەرازی دونیا و قیامەت بین ....

کاتێ تۆی بەڕێز ئەم نامێلکەیە دەخوێنیتەوە بێ گومان رووداوی تر دەکەوێتە یادت کە لە شارەکەتدا یان لە نێو خزمەکانتدا روویان داوە ..جا داواکارم لە خوای گەورە ئەم رووداوانەی ناو ئەم نامێلکەیە و ئەو رووداوانەی کە خۆت دەزانی ببێتە رێبەرێك لە ژیانتدا ..

لە کۆتاییدا داواکارم لە خوا کە لە تاوانەکانمان خۆش بێت ، گەورەو بچووکەکان ، شاراوە و ئاشکراکان،چونکە هەر خۆی لێبوردە و میهرەبانە وە ئێمەیش لە دوعای خۆتان بێ بەش مەکەن .

وەرگێر / م . مجید حمید /کفری

# (نوره) ی خوشکم مرد

خوشکەکەم کەمە کەمـە رووی زەرد بـووەوە و لاشـەی بـەرەو لاوازی دەچـوو ... بـەڵام وەکـو خوویـەك هـەردەم خـەریکی خوێندنـەوەی قورئـانی پـیرۆز بـوو ... کـاتێ بـە شـوێنیدا دەگـەڕام دەمبـینی لـە سـەر بەرماڵەکەی و لە کڕنۆشدایە و دەستەکانی بۆ ئاسمان بەرز کردووەتەوە.. بەم شێوەیە .. بەیانیان و ئێـواران و لە نیوە شەودا هەرگیز ماندوو نابێت و هەرگیز بێزار نابێت ... وە منـیش بـەردەوام بـووم لـە خوێندنـەوەی گۆڤارە هونەرییەکان.. بە زۆری تەماشای ڤیدیۆم دەکرد و بە تەواوی ئەرکەکانی خۆم جێ بـە جـێ نـەدەکرد وە لە ئەنجامدانی نوێژەکانماندا سست بووم .. پاش ئەوەی ئامێری ڤیدیۆکەم داخست گوێم لە دەنگـی بـانگ بوو کە لە مزگەوتەکانەوە بەرز بووەوە منیش بەرەو جێگای خەوتنم ڕۆیشتم ... لە جێگەی نوێژکردنەکەیەوە خوشکەکەم بانگی کردم .. گوتم :- بەڵێ چیت دەوێ (نورە) ؟ بـە دەنگێکـی تیـژەوە پێـی گـوتم :- مـەنوو تاکو نوێژی بەیانی دەکەیت .. بەڵێ :- ماوەیەکی ماوە بۆ نوێژی بـەیانی چـونکە ئـەوەی کـە گـوێم لـێ بـوو بانگی یەکەم بوو ... ئەمجار بە دەنگێکی پڕ لە سۆزەوە بانگی کردم :- (هەنا) وەرە لە تەنیشتم دانیشە ... منیش هەرگیز نەمدەتوانی داواکارییەکانی پشت گوێی بخەم ... هەستم دەکرد قسـەکانی پـاك و بێگـەردوو و ڕاستن .. بەڵێ .. چیت دەوێ ؟ دانیشە .... ئەوا دانیشتم چیت دەوێ ؟ بە دەنگێکی نەرمەوە گـوتی **(({كُلُّ نَفْسٍ ذَائِقَةُ الْمَوتِ ثُمَّ إِلَينَا تُرجَعونَ }العنكبوت٥٧))** ماوەیەك بێ دەنـگ بـوو ئـەمجار پرسـی :- ئایـە باوەڕت بە مردن هەیە ؟ بەڵێ باوەڕم پێی هەیە .. ئایە باوەڕت هەیە کە لە سەر هەموو بچوکێك و گەورەیـەك پرسیارت لێ دەکرێت ؟ بەڵی ... بەڵام خودای گەورە بەخشندە و میهرەبانە و تەمەنیش درێژە ... گوتی :- ئەی ئەوە نییە ((هند )) کە تەمەنی لە تۆ منداڵ تر بوو کەچی بە ڕووداوی ئۆتۆمبیل مرد .. ئەی فلان کـەس و فلان کەس ..مردن تەمەن نازانێت و تەمەن نابێتە پێوەرێك بۆی .... وەڵامم دایەوە .. من خۆم لە تـاریکی دەترسم و تۆیش بە مردن ترساندمت .. ئێسـتا چـۆن بنـوم ؟ وامزانـی ڕازی بـووی لـە سـەر ئـەوەی کـە لـەم پشووەدا لە گەڵماندا بێیت بۆ سەیران ... لە ناکاودا .. دەنگی گۆڕا منیش دڵم دەسـتی بـە لـەرزین کـرد .... ڕەنگە ئەم ساڵ گەشتێکی دوور بکەم ... بۆ جێگایەکی تر ... دەستم بە گریان کـرد ... بـیرم لـە نەخۆشـیە پیسەکەی کردەوە کە پزیشکەکان بە نهێنی بە باوکمیان گوتبـوو :- ڕەنگـە ئـەم نەخۆشـییە ڕێگـەی نـەدات تەمەنێکی زۆر بکات ... ئەمجار بە دەنگێکی بە هێزەوە گوتی :- هەمومان کۆچ دەکـەین و ئـەم دونیایـە بـە جێ دەهێڵین یان بۆ بەهەشت وە یاخود بـۆ دۆزەخ ... شـەوت شـاد ... بـە پەلـە بـەرەو لای ڕۆیشـتم ... وە دەنگەکەی ئێستایش لە گوێمدا دەزرنگێتەوە ... خوا ڕێنموییت بکات ... نوێژەکانت لـە بـیر نەچـێت ... لـە کاتژمێر هەشتی بەیانی گوێم لە دەنگی دەرگاکەم بوو ... ئێستا کاتی هەڵسـانم نییـە ... گریـان ... دەنـگ و هاوار ... چی بووە ؟. حاڵی نورە تێك چووە و باوکم بردوویەتی بۆ نەخۆشـخانە ...**[ إِنا لِلّه وإِنـا إِليـه راجِعون].** ئەمسـاڵ ناچـین بـۆ سـەیران .. پـاش چـاوەڕوانییەکی زۆر لـە پـاش کاتـژمێری یـەکی نیـوەڕۆ تەلەفونمان بۆ باوکم کرد کە لە نەخۆشـخانە بـوو گـوتی :- ئێسـتا دەتـوانن سـەردانی (نـورە) بکـەن .. بـە پەلە... دایکم پێی گوتم :- دەنگی باوکت بە دەنگی کەسێکی دەکرد کە دڵنیا نەبێت و دەنگـی گـۆڕا بـوو ..

سواری ئۆتۆمبیل بووین دایکم به تەنیشتمەوە دانیشتبوو دوعای بۆ دەکرد ئەو کچێکی باشـە و گوێڕایەڵـە .. چووینە ژوورەوە بۆ نەخۆشخانە کە پرسـیارمان کـرد .. پەرسـتیارەکە گـوتی :ــ ئـەو لـە ژووری بوژانەوەیـە **(العناية المركزة)** یە و ئێستایش دەتانبەم بۆ لای، دایکم چـووە ژوورەو منـیش بـە تەنیشـتیەوە راوەسـتا بووم پاش دوو خولەك دایکم هاتە دەرەوە و نەیدەتوانی فرمێسکەکانی خۆی بشارێتەوە ... پاشـان رێگایـان دا کە من بڕۆمە ژوورەوە و سلاوی لێ بکەم بە مەرجێك زۆر قسەی لـە گەڵدا نەکـەم ... ئێسـتا حاڵـت چـۆنە (نورە) ؟ ئەی خۆ دوێنێ باش بوو .. ئەی چیت بە سەر هات ؟ لە پاش ئـەوەی تونـد دەسـتی گـرتم وەڵامـی دامەوە و گوتی :ــ ئێستا من زۆر باشم سوپاس بۆ خوا ، گـوتی :ــ بـیرم لـەو ئایەتـە دەکـردەوە کـە خـوای گـەورە دەفـەرموێت :ــ **(({وَالْتَفَّتِ السَّاقُ بِالسَّاقِ * إِلَى رَبِّكَ يَوْمَئِذٍ الْمَسَاقُ }القيامـة٢٩-٣٠))** (هەنا) گیان داوات لێ دەکەم کە دوعام بۆ بکەی چونکە رەنگە من بەم زووانە بگەمە یەکەم رۆژ لە رۆژەکـانی رۆژی دوایی .. فرمێسکێك لە چاوم بـەربووەوە لـە پـاش ئـەوەی کـە گـوێم لـەو قسـانە بـوو دەسـتم کـرد بـە گریان... ئاگام لە خـۆم نـەما کـە مـن لـە کـوێم .. چـاوەکانم بـەردەوام فرمێسـکی لـێ دەبـاری لـە گـەڵ رۆژ ئاوابوونی ئەو رۆژە خەمناوییەدا کچی خاڵم چووە ژوورەوە بۆ لای ئەمجار کچـی مـامم .. روداوەکـان بـە پەلـە روودەدەن ئامادە بووان زۆر بوون ... دەنگەکان زۆر بوون .. تێکەڵ بوون .. تەنها یەك شت هاتە بەر گوێم و زانیم ئەویش ... ﴿نورە مرد ﴾ ئەی خوایە مـن لـە کـوێم ؟ چـی روو دەدات ؟ بـاوەڕ بکـەن تەنانـەت توانـای گریانم نەمابوو .... نورە دوعای رێنمویی بۆ دەکردم بە چاوی فرمێسکاوییەوە لە شەوگاری درێژدا کـاتی کـە باسی مردن و لێپرسێنەوەی بۆ دەکردم .. ئەمشەو یەکەم شەوی ئەوە لە ناو گۆڕدا ... ئـەی خودایـە رەحـم بە (نورە) بکە و گۆڕەکەی بۆ روناك بکەرەوە ... ئەوە جێگای نوێژکردنەکەی ئەوە .. ئـەوە قورئانەکەیـەتی .. ئەوە بەرماڵەکەیەتی .. ئەوە ... ئەوە ... بەڵکو ئەوە کراسە پەمەیەکەیەتی کە هەردەم دەیگوت :ــ ئـەم کراسە دەشارمەوە بۆ رۆژی شوو کردنم ...

## لە خەودا بینیم

پێی گوتم :ــ هاوڕێیەکی خۆشەویسـتم هـەبوو کـە لـە جێگـای بـرا بـوو بـۆم ... هەفتـەی رابـووردوو بـە رووداوی ئۆتۆمبیل و لە ناکاودا کۆچی دوایی کرد ... داوا لە خوا دەکەم کە خوای گەورە لە تاوانەکانی خۆش بێت و رەحمی لێ بکات .. کێشەکە ئەوەیە .. ئەم هاوەڵەم شـارەزاییەکی زۆری هـەبوو لـە (ئەنتـەرنێت ) وە خووی دابوو بە سایتە خراپـەکان (الاباحیـە) و بـە کـۆ کردنـەوەی وێنـەی رووتـەوە خـەریك بـوو .. تەنانـەت سایتێکی تایبەتی بۆ خۆی رێکخستبوو کە وێنەی رووتی لە خۆ دەگرد .. بەڵکو کۆمەڵە کەسـێك هـەبوون کـە لە سایتەکەیدا تۆمار کرابوون و بەشدار بوون .. هەموو جارێك نامـەی بـۆ دەنـاردن هـەر کاتێـك وێنـەی نـوێی دەست بکەوتایە ... وێنەی رووت ... کە سایتەکە بە شێوەیەکی (الی) خۆی بۆیانی دەنـاردن ... لـە ناکـاودا ئەم کابرایە مرد .... کێشەکە لەوەدایە ئێمە ژمارە نهێنی سایتەکەی نازانین کە دەستکاری سایتەکەی بکەین

یاخود دایخەین ... من تەنها بیرم لەوە دەکردەوە .. لە کاتێکدا چاوەڕوانی نوێـژ بـووین کـە لـە مزگـەوت لـە سەر جەنازەکەی بکەین ... لە گەڵ جەنازەکەیدا بـەرەو گۆڕسـتان کەوتینـە ڕێ ئـەویش لـە نـاو تابوتەکەیـدا هەڵگیراوە .. بیرم دەکردەوە ئاخۆ ئێستا لە ناو گۆڕەکەیدا چی چاوەڕوانی دەبێ .. وێنەی رووت ؟؟ حسـبنا الله ونعم الوکیل ...گەیشتینە ناو گۆڕستانێکی ترسناك .. خەڵکی زۆر بوون لە سـەر گۆڕەکـەی... تەماشـای ناو گۆڕەکەم کرد .... ئاااه .. ئاخۆ حاڵی چۆن بێت لەو گۆڕەدا .. دەمبینی هەنـدێ کـەس دەگریـان ... لـە ناخی خۆمدا گوتم :- ئایە ئەو گریانـەی ئـەوان سـوودی هەیـە بـۆی ...کابرامـان نێـژا .. ئـەمجار ڕۆیشـتین و ئەومان بە جێ هێشت ... دایکی لە خەودا بینی .. کە چەند هـەرزەکارێك بـە سـەر گۆڕەکەیـدا دەڕۆن و میـز دەکەن بە سەریدا ... ئەویش پرسیاری دەکرد بۆ ئەوەی بۆی خەوپەرژێن بکەن .... ئـەو هـەژارە نەیـدەزانی لەو کارە شاراوانە .. منیش ئەو خەوەی دایکیم بیست ..لـە نـاخی خۆمـدا گـوتم :- هـیچ پێویسـت بـە خـەو پەرژێن ناکات ... ماناکەی ئاشکرایە ... ئەو هەرزەکارانەی کە میز دەکەن بە سەر گۆڕەکەیدا ... ئەوانەن کە وێنەی بۆ دەناردن ... ئەمجار ئـەوانیش بـۆ ئـەو کەسـانەی کـە دەیناسـن دەینێـرن .. ئـەی هـاوار ... چـۆن دەتوانێت بەرگەی ئەو هەموو تاوانە بگرێـت ... **(( من دعا الی الضلالة کان علیه من الـ وزر مثـ ل أوزار من تبعه لا ینقص ذلك من أوزارهم شیئا ))** هەوڵێکی زۆرم دا ... کە چاکەی لە گەڵدا بکەم .. لە گەڵ کۆمپانیاکەدا قسەم کرد ..((ئەو کۆمپانیایەی کە مێوانداری سایتەکەی کردووە )) بۆ ئەوەی بەشداری کردنەکـەی رابگـرن ... بۆیـە بـە داوای لێبوردنـەوە داواکـەمیان رەتکـردەوە و هیچیان بـۆ نـەکردم تەنانـەت باوەڕیان پێ نەکردم .. چونکە من ژمارە نهێنییەکەم نەدەزانی کە سایتەکەی پێ حجز کردبوو ... هاوارم بـە ڕوویاندا کرد .. ئەی خەڵکینە ...کابرا مردووە ... کەچی ڕوویان پێ نـەدام ... دانیشـتم بـیرم لـە حـاڵی ئـەو دەکـردەوە چـەندم پـێ گـوت :- چـۆن بەرگـەی تـاوانی خـەڵکی دەگـرێ ؟ چـۆن خـۆت دەکەیتـە کلیلـی خراپەکاری؟ چۆن لە قیامەتدا تاوانەکانیان بە شان هەڵدەگرێ ؟ کەچـی گـوێ بیسـتی قسـەکانم نـەدەبوو وە کاری پێ نەدەکرد ... ئەو وای دەبینی کە هێشتا گەنجە و دەیەوێ خۆشی بکات ئەم کارانەیش تەنها بۆ کات بە سەر بردنە ... پەنا بـە خـوا ... چـەند گـەنج تەماشـای ئـەو وێنانـەی کـردووە ئـەمجار کەوتووەنتـە نـاو تاوانەوە ... چەند کچی بەستەزمان کەوتووەنەتە ناو تاوانەوە بە هۆی ئەو وێنانەوە ... کابرا مرد .. بەڵام لە ڕۆژی قیامەتدا پرسیاری لێ دەکرێ دەربارەی هەر تەماشایەك کە کردبێتی وە تەماشـاکردنی هـەر گـەنجێکی تر ... وە هەر تاوانێك کە کردبێتی وە هەر تاوانێك کە گەنجانی تر کردبێتیان بە هـۆی ئـەو وێنانـەوە وە هـەر وێنەیەك کە بڵاوی کردبێتەوە و هەر وێنەیـەك ئـەوانی تـر بڵاویـان کردبێتـەوە .. نـازانم تـاکو چـەند بەرگـەی تاوانەکانیان دەگرێت بەڵام داوا لە خوا دەکەم کە لە تاوانەکانی خۆش بێت ... حسبنا الله ونعم الوکیل .

## گوێزرایەوە بۆ بەهەشت

ئەمشەو وادەی گواستنەوەی بووکە ... هەموو پێویستییەکان جێ بە جێ کراوە ... هەموو بایخیان بە بووك دابوو ... دایکی و خوشکەکانی و هەموو خزمان ... هەموو چاوەروانی ئەو کەسانە بوون کە لە ئارایشتگای ئافرەتان کار دەکەن .. لە پاش عەسر ئامادەبن بۆ ئەوەی بووکەکە ئامادە بکەن بۆ ئاهەنگەکە... ئەوان دوا کەوتن و ماوەیەك بە سەر چوو... ئەمجار گەیشتن و دەستیان بە کارەکەیان کرد ... تاکو نزیك کاتی بانگی مەغریب بووە وە .. بووکەکە داوای کرد کە کارەکەیان زوو تەواو بکەن لە پێش ئەوەی بانگ بدات ... کات دەڕوات ... لە ناکاودا دەنگی حەق لە مزگەوتەکانەوە بەرز بووەوە ... **الله اکبر ... الله اکبر** ... ئەوە بانگی مەغریبە .. بووك دەڵێت :ـ پەلە بکەن چونکە کاتی نوێژی مەغریب کەمە .. ئەوان گوتیان :ـ ئێمە پێویستیمان بە کاتی زیاترە ئارام بگرە .. کات دەڕوات .. خەریکە کاتی نوێژی مەغریب تەواو دەبێت .. بووکەکە سوورە لە سەر نوێژەکەی .. هەموو هەوڵ دەدەن کە ڕێگەی لێ بگرن تاکو ئەوان کارەکەیان تەواو دەکەن ، دەیانگوت :ـ ئەگەر دەستنوێژ بگری ئەوا لە ماوەی ئەو چەند کاتژمێرەدا چیمان کردووە تۆ دەیروخێنی .. بەڵام بووکەکە سوورە لە سەر هەڵوێستەکەی ئەمجار لە هەموو لایەکەوە فەتوای بۆ دەهات .. یەکێك دەیگوت :ـ نوێژی مەغریب لە گەڵ عیشا کۆ بکەرەوە .. یەکێکی تر دەیگوت :ـ تەیەموم بکە ... بەڵام ... پەنای گرد بە خوا و خۆی یەکلا کردەوە چونکە ئەوەی لای خوایە چاکتر و بەردەوامترە .. لە ناکاودا بووك هەستا .. بە شانازییەوە بۆ ئەوەی دەستنوێژ بگرێ ... هەموو ئەو ئامۆژگارییە نابەجێیانەی پشت گوێ خست و دەستی بە دەستنوێژگردن کرد ... بسم الله .. بەڕماڵەکەی راخست بۆ ئەوەی نوێژ بکات... الله اکبر .. بەڵێ خوا لە هەموو شتێك گەورەترە .. گەورەترە هەرچی رووبدات .. ئەوەتا بووکەکە لە دوا تەحیاتە لە نوێژەکەیدا .. وەکاتێك سەلامی بە لای چەپدا دایەوە یەکسەر گیانی سپارد و روحی گەیشتە لای خوای خۆی .. کۆچی کرد لە کاتێکدا کە گوێڕایەڵی خواکەی بوو وە سەرپێچی فەرمانەکانی شەیتانەکەی بوو .. داوا لە خوا دەکەین کە گواسترابێتەوە بۆ بەهەشتێکی بەردەوامی نەبڕاوە .. داوا لە خوا دەکەم کە من و ئێوەیش ئاخر خێر بکات .

## تەنها ماچێك ...

ئا ئەوەتا ئەو گەنجە زانایە تەمەنی سی ساڵ دەبێت :ـ ئەوە (الربیـع) ی کوڕی ( خیـپم) ە خەڵکانی خراپەکار هەوڵ دەدەن و کۆشش دەکەن بۆ ئەوەی لە ڕێگە لای بدەن و هەڵەی پێ بکەن بۆیە دەڕۆن ئافرەتێکی داوێن پیس هان دەدەن و هەزار دیناری پێ دەدەن ئەویش دەڵێت :ـ ئەم پارەیەم بۆ پێ دەدەن؟ ئەوانیش دەڵێن :ـ بۆ تەنها ماچێك لە (الربیـع) ی کوڕی (خپیم) ەوە .. گوتی :ـ دەبێ لەوە زیاتری بە سەردا بهێنم دەبێ زینای لە گەڵدا بکەم .... چونکە ئەو ئافرەتە ئیمانەکەی لاواز بوو .. بۆیە لە کاتێکدا کە کەس دیار نەبوو ڕێگەی پێ گرد وەهەموو جوانییەکەی خۆی بۆ (الربیع) دەرخست بۆیە ئەویش بە

دڵنیایی یەوە گوتی :- ئەی بەندەی خوا ... چۆنە ئەگەر ئێستا فریشتەی مردن (ملك الموت) دابەزێ و گیانت بکێشێ ؟ ئەی ئەو رۆژە چۆنە کە (نکیر و منکر ) پرسیارت لێ دەکەن ؟ ئەی ئەو رۆژە چۆنە کە لە بەر دەستی خوای گەورەدا رادەوەستی ؟ ئەی ئەو رۆژە چۆنە کە فرێ دەدرێیتە ناو دۆزەخەوە ؟ بۆیە ئەویش یەکسەر هاواری کرد و پشتی هەڵکرد و هەڵات و تەوبەی کرد و گەڕایەوە بۆ لای خوای گەورە .. دەستی کرد بە خوا پەرستی تاکو ناونرا بە (عابده الكوفه) خواپەرستەکەی کوفە ... بۆیە ئەو خراپەکارانە دەیانگوت :- ربیع ئەویشی لە رێگە لادا .... ئایە چی شتێك (الربیع) ی دامەزراو کرد بەرانبەر ئەم فیتنەیە ؟ ئایە کەمی شەهوەت بوو ؟ ئەو گەنجێکە وەکو هاوەڵانی تر شەهوەتی هەیە لە گەڵ ئەوەیشدا لەم سات و کاتەدا دامەزراو بوو ... ئایە چی شتێك پاراستی ( بە پشتیوانی خوا ) ؟ ئەوە تەنها ئیمانە بەو خوایەی کە هیچ خوایەك نییە جگە لە ئەو نەبێت ... ئەی ئەو کەسەی کە خۆشگوزرانی و زیاد بوونی ئیمانت دەوێ ... ئامۆژگاریت دەکەم کە چاودێری خوات لە بیر نەچێت .. هەموو نوێژەکانت لە کاتی خۆیدا و لە مزگەوت ئەنجام بدە ... سوننەتەکان و سوننەتی چێشتەنگاو... شەو نوێژ .... جوزئێك لە خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز لە رۆژێکدا ... رۆژووی سوننەت ... یادی خوا .... سەردانی گۆڕستان ... پاڕانەوە لە خوا ... پارە بەخشین ... هاوڕێتی کردنی کەسی چاك .. سوێند بە خوا ئەمە بەهەشت و خۆشگوزرانییە .

## لە ئاوی زەمزەم بخۆرەوە

کابرایەك دەناسم و ماوەیەك پێکەوە بووین کە تەمەنی حەفتا ساڵ دەبێت ... بۆی باس کردم لە کاتێکدا لە مزگەوتی پێغەمبەر بووم(صلى الله عليه وسلم ) ئەویش بە رۆژوو بوو ... ئەو کەسێك بوو لە کاتی خۆیدا خەریکی مەی خواردنەوە بووە پەنا بە خوا لە کاتێکدا کە تەمەنی پازدە ساڵ بووە تاکو تەمەنی گەیشتووەتە چل ساڵ ... رۆژێك دەڕوات بۆ لای پزیشك بینی کە (مەی)ەکە هەموو لەشی خراپ کردووە پەنا بە خوا پزیشکەکە گوتی :- تۆ هیچ چارەسەرێکت نییە تەنها ئەوە نەبێت کە تۆ تیایدا بویت ... ئەم پزیشکە وەستا .. بە سەر سورمانەوە.. خۆی بۆی گێرامەوە.. کاتێ پزیشکەکە ئەوەی پێ گوتم هەستم کرد لە خەوێکی قووڵ بە ئاگای هێنامەوە و گوتم :- هیچ چارەسەرێك لای تۆ نییە؟ گوتی :- نەخێر هیچ چارەسەرێك لای من نییە ، گوتم :- بەڵێ دەبێ چارەسەری هەبێ و دەبێ دەوایشی هەبێت .. کە گەڕامەوە بە بێ دواکەوتن تەوبەم کرد و لە مزگەوتی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) نوێژم کرد ئەمجار گەڕامەوە بۆ ماڵەکەی خۆم و جلی ئیحرامم لە بەر کرد و بۆ لای خوا گەڕامەوە ئەمجار بە پێ چووم بۆ مەککە و بە سێ رۆژ گەیشتمە ئەوێ .. کە گەیشتمە مەککە نیوە شەو بوو لە پێش کاتی پارشێو بوو کە (عەمرە)م تەواو کرد پەنام برد بۆ لای خوا و دەستم بە گریان کرد و لێی پاڕامەوە و گوتم :- ئەی خودایە یان شیفام بدە وە یان روحم دەربێنە لە سەر ئەم تەوبەیە بمرم ... کابرا گوتی :- هەستم کرد لە ناخمدا کەسێك پێم دەڵێت کە لە ئاوی زەمزەم بخۆمەوە چووم بۆ لای ئاوی زەمزەم و سەتڵێك ئاوم دەرهێنا ( لەو رۆژگارەدا زەمزەم بە سەتڵ

بوو ) وە لە بەر ئەوەی زۆر برسی بووم هەموویم خواردەوە خودا لەش ساغییەکی پێ بەخشیبوو تەنانەت لەو تەمەنەدا (کەڵەگەت بوو) کاتێك ئاوەکەم خواردەوە هەستم کرد ناو سکم تێکچوو .. هەستم بە رشانەوە کرد بۆیە بە پەلە لەوێ دوور کەوتمەوە کە گەیشتمە (باب ابراهیم) ئاگام لە خۆم نەمابوو کە شتێکم فرێدا .. کە تەماشام کرد پارچەیەکی خوێنی رەشی تۆخە ... کە فرێمدا هەستم بە ئارامییەکی گەورە کرد .. کابرا گوتی:– هەستم بە گەورەیی و مەزنی خوای پەروەردگار کرد و دڵنیا بووم کە هەرکەسێك پەنای پێ بگرێت ئەوا پەشیمان نابێتەوە و خەیر و چاکە بە دەستی خۆیەتی کە هەرگیز بە دڵی هیچ کەسێکدا نایەت ... جارێکی تر گەڕامەوە بە دڵنیاییەکی گەورەتر و ئیمانێکی زۆرترەوە .. پاڕامەوە لە خوا و تکام لێی کرد و داوام کرد و گریام و گوتم :– ئەی خودایە یان شیفام بدە وە یان روحم دەربێنە لە سەر ئەم تەوبەیە بمرم .. گوتی :– دیسان هەستم کرد کە کەسێك لە ناخمدا دەڵێت لە ئاوی زەمزەم بخۆرەوە .. جارێکی تر منیش سەتڵێکم خواردەوە و ئەوەی جاری یەکەم بە سەرمدا هات جارێکی تر بە سەرمدا هاتەوە .. کە گەڕامەوە و گەیشتمەوە لای (باب ابراهیم) شتێکی ترم فرێدا وەکو جاری یەکەم بەڵام ئەمجارەیان سووکتر بوو لە جاری یەکەم ... بۆ جاری سێیەم گەڕامەوە بە ئیمانێك و دڵنیاییەکی زۆرترەوە داوام کرد و تکام کرد .. هەستم کرد پێم خۆشە کە دیسان لە ئاوی زەمزەم بخۆمەوە بۆیە منیش جارێکی تر لە ئاوی زەمزەمم خواردەوە هەستم کرد سکم جوڵایەوە و شتێکم فرێدا کە ئاوێکی زەرد بوو هەستم کرد ناخم پاك بووەتەوە .. گوتی :– هەستم بە ئارامییەکی نامۆ کرد کە هەرگیز هەستم بەو جۆرە ئارامییە نەکردبوو ... ئەمجار گەڕامەوە و تکام لە خوا دەکرد و لێی دەپاڕامەوە ئەمجار خوای گەورە ئارامی پێ بەخشیم و خەوتم ... بە دەنگی بانگی بەیانی خەبەرم بووەوە .. گوتم :– سوێند بە خوا .. نابێت لەمماڵە دوورە بکەومەوە تاکو سێ رۆژ .. ئەمجار بەردەوام دەگریام و داوام لەخوا دەکرد کە لێم خۆش بێت و لەش ساغیم پێ ببەخشێت و لە ئاوی زەمزەمم دەخواردەوە ..گوتی :– ئەمجار گەڕامەوە (المدینە) کاتێ گەڕامەوە بۆ لای پزیشکەکەم کە جاری یەکەم چوو بووم بۆ لای تەماشایەکی روومەتی کردم کە گەشاوە بوو لە (هدایە) کاتێك بە تەواوی پشکنینی بۆ کردم دەستەکانی دەچووە یەکدا و باوەڕی بەوە نەدەکرد کە بە چاو دەیبینی ئەمجار گوتی :– ئەی بەندەی خوا .. خوای گەورە ئەوەی پێت بەخشیوە کە زانیاری پزیشکەکان ناتوانن ئەنجامی بدەن ... ئەمجار سی ساڵ بەردەوام بوو لە خوا پەرستی دەیگوت :– من ئێستا ئەم قسەیەت بۆ دەکەم بە رۆژووم و چاوەڕوانم کە خوای گەورە ئاخر خێرم بکات .. پاشانم لە سەر خەیر و چاکە کۆچی دوایی کرد ..خوا لە تاوانەکانی ئێمەو ئەویش خۆش بێت ...

## له نیوه شه‌ودا ...

پۆلیسێك پێی گوتم :– له نیوه شه‌ودا هه‌واڵێکمان پێ گه‌یشت.. که رووداوی وه‌رگه‌ڕانی ئۆتۆمبیلێکه.. ئێمه‌یش هه‌ر ئه‌و کاته به‌ره‌و جێگای رووداوه‌که رۆیشتین کاتێك که گه‌یشتینه ئه‌وێ شتێکی زۆر ترسناکمان بینی ئه‌ویش ئه‌وه‌یه که ئۆتۆمبیلێك له سه‌ر پردێکی زۆر به‌رزه‌وه که‌وتووه‌ته خواره‌وه ... ئێمه‌یش دابزینه ناو دۆڵه‌که بۆ ئه‌وه‌ی ئه‌گه‌ر بتوانین که‌سێك رزگار بکه‌ین که‌گه‌یشتین ...بینیمان که .. کابرایه‌ك ته‌مه‌نی له په‌نجا ساڵ زیاتره‌و مردووه و بۆنی مه‌ی له ده‌می دێت و مسجله‌که‌یش به ده‌نگی به‌رز کار ده‌کات و مۆسیقا لێ ده‌دات .. وه له ته‌نیشتییه‌وه کچێکی ته‌مه‌ن بیست ساڵ پانتۆڵێکی له پێدایه و جل و به‌رگێك که زۆربه‌ی گیانی به ده‌ره‌وه‌یه .. وه ئه‌ویش بۆنی مه‌ی له ده‌می دێت و چاوی بڕیوه‌ته ئاسمان و هه‌ردوو ده‌ستی له سه‌ر سنگی خۆی داناوه و ده‌ڵێی له گه‌ڵ مردندا شه‌ڕ ده‌کات .. وه خوێن له گه‌ڵ پرچه‌که‌یدا تێکه‌ڵ بووه و به‌سه‌ر روومه‌تیدا هاتووه‌ته خواره‌وه .. وه له پاش لێکۆڵینه‌وه .. ده‌رکه‌وت که ئه‌م کچه هیچ په‌یوه‌ندییه‌کی خزمایه‌تی به ئه‌و کابرایه‌وه نییه وه هه‌ردوکیان له شاره‌که‌ی خۆیان ده‌رچوونه بۆ شارێکی تر وه پێکه‌وه چوونه بۆ شوققه‌یه‌ك و له‌و شوققه‌یه‌دا هه‌رچی خراپ بێت کردوویانه و که‌وتونه‌وته ناو حه‌رامه‌وه و زینایان کردووه و مه‌ییان خواردووه‌ته‌وه و سه‌مایان کردووه و گۆرانییان گوتووه و له نیوه شه‌ودا گه‌ڕاونه‌ته‌وه له پێش شه‌به‌قدا نزیکه‌ی کاتژمێری سێی به‌یانی به په‌له‌یه‌کی زۆر بۆ ئه‌وه‌ی بگه‌نه‌وه شاره‌که‌ی خۆیان له کاتدا... وه له به‌ر هۆی نه‌مانی عه‌قڵ و په‌له‌یه‌کی زۆره‌وه توشی ئه‌و رووداوه ترسناکه بوون .. کاتێك که‌س و کاری پیاوه‌که به رووداوه‌که‌یان زانی خۆیان به‌ری کرد له پیاوه‌که و له تاوانه‌که‌ی ... به‌ڵام که‌س و کاری کچه‌که.. باوکه‌که ده‌یویست کچه‌که‌ی بێ تاوان ده‌ربکات له‌و تۆمه‌ته و ده‌یگوت :– کچی من کچێکی باشه هه‌رگیز خه‌ریکی نوێژ کردنه ..و ده‌چێ بۆ مزگه‌وت له پاش نوێژی عه‌سر بۆ ئه‌وه‌ی ئاماده‌ی ده‌رسی له به‌ر کردنی قورئان ده‌بێت و هه‌موو کاتێك قورئانه‌که‌ی و به‌رماڵه‌که‌ی به ده‌سته‌وه‌یه ..که‌چی ئه‌وه هه‌مووی فێڵ و ته‌ڵه‌که‌بازی کچکه‌ی بووه ...

## تاکو ده‌بمه خه‌ڵوز ....

هه‌مومان هه‌ڵه ده‌که‌ین و تاوان ده‌که‌ین وه خوای گه‌وره‌یش مۆڵه‌ت ده‌دات به‌ڵام که‌س فه‌رامۆش ناکات.... ئه‌و به‌ندانه‌ی خۆش ده‌وێت که ته‌وبه کار و پاك و خاوێنن .. بۆیه ده‌رگای ته‌وبه‌ی کردووه‌ته‌وه به‌رانبه‌ر تاوانباران ... بۆ ئه‌وه‌ی ته‌وبه بکه‌ن و بگه‌ڕێنه‌وه و به ئاگا بێنه‌وه و له تاوانه‌کانی خۆش بێت ... ئه‌و تاوانه بچوك و گه‌ورانه‌ی که ئه‌نجامیان داوه .. بۆیه سوپاس بۆ خوا له سه‌ره‌تا و له دواییشدا و شاراوه‌کان و ئاشکراکان ... ئه‌وه‌تا ئیمامی بوخاری(ره‌حمه‌تی خوای لێ بێت) ریوایه‌ت ده‌کات و ده‌ڵێت :– کابرایه‌ك له به‌نی ئیسرائیل تاوانێکی زۆری کردبوو ..به‌ڵام ئه‌و یه‌کتاپه‌رست بوو وه هاوه‌ڵی بۆ خوا دانه‌ده‌نا....خه‌ڵکی کوشتبوو .... زینای کردبوو .... دزی و غه‌شی کردبوو ...درۆ و فێڵی کردبوو ...

شایەتی ناحەقی دابوو ... وە هەموو خراپەیەکی کردبوو .... سنوورەکانی خوای بەزاندبوو ... خۆی بە زل دەزانی ... کاتێ کە سەکەراتی مردن نزیك بووەوە.. ئەو مردنە کە تەنانەت پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) لێی نەبەخشرا ... منداڵەکانی کۆ کردەوە .... لەو ساتەدا ... ساتێکە کە نە منداڵ و نە پارە سوودی هەیە .. وە نە عەشرەت و پلە و پایە ... منداڵەکانی کۆ کردەوە و گوتی :- من چۆن باوکێك بووم بۆ ئێوە ؟ گوتیان :- باشترین باوك بووی ... گوتی :- سوێند بەو کەسەی کە نەفسی منی بە دەستە .. هەرگیز چاکەم نەکردووە ... تەنها ئەوە نەبێت کە شایەتی دەدەم کە هیچ خوایەك نییە تەنها الله نەبێ ( لا الە الا الله) .. ئەگەر مردم ئەوا ئاگرێك بکەنەوە ئەمجار من فرێدەنە ناو ئاگرەکە تاکو دەبمە خەڵوز ... پاشان ورد وردم بکەن .. ئەمجار بمکەن بە بادا .. کابرا مرد و وەسێتەکەیان جێ بە جێ کرد .. ئاگرێکی گەورەیان کردەوە و باوکیان فرێ دایە ناو ئاگرەکە تاکو بووە خۆڵەمێش ئەمجار ورد وردیان کرد .. پاشان خۆڵەمێشەکەیان کردە بادا .. خۆڵەمێشەکەی بە سەر چیاکاندا بڵاو بووەوە .. بە سەر دارەکاندا .. بە سەر هەردەو چۆڵ و روبارەکاندا .. بەڵام ئەو کەسەی کە لە سەرەتادا دروستی کردووە دەتوانێ بیگەڕێنێتەوە ... خوای گەورە گوتی :- (کن فکان ) خوای گەورە گوتی :- ئەی بەندەکەم چی وای لێت کردووە کە ئەو کارە بکەیت ؟ ئەی نازانیت من عەیبەکان دەشارمەوە و لە تاوانەکان خۆش دەبم ... گوتی :- ئەی خودایە من لە تۆ ترسام و لە تاوانەکانم ترسام .. خوای گەورە گوتی :- ئەی فریشتەکان ئێوە شایەت بن کە من لە تاوانەکانی خۆش بووم و خستمە بەهەشتەوە ... لا اله الا الله ... چەند میهرەبانە خوای گەورە ... چەند بە بەزەییە خوای گەورە بەرانبەر بە بەندەکانی ... چەند حەلیمە خوای گەورە بەرانبەر بە بەندەکانی **(( ومن يعمل سوءا أو يظلم نفسه ثم يستغفر الله يجد الله غفورا رحيما ... ))**

## ئایە تۆ چی خەمێکت هەڵگردووە ....؟

مامۆستایەك (شیخ)گوتی :- بە مەبەستی بانگەواز کردن چووم بۆ لای پەنابەران لە چادر نشینەکانی ئەفریقیا ... رێگاکە ترسناك بوو ... رێگرێکی زۆری لێ یە **(قاطع الطريق)** .. لە پاش گەیشتنم لە سەر جێگایەك نوستم شەیتان وەسوەسەی بۆ کردم و دەیگوت :- تۆ ئێستا بانگەواز کارێکی گەورەی کێ وەکو تۆ دەکات ؟ منیش فیزم پەیدا کرد.. بەیانی رووم کردە بیرێك .. کەتەنها بیر بوو لەوێ (لای چادر نشینەکان) ئافرەتێکی سپیم بینی لە نێو ئەو ئافرەتە رەشانەدا پرسیارم کرد ئەمە کێیە ؟ گوتیان :-ئەمە ئافرەتێکی مەسیحییە و خەڵکی وڵاتی نەرویجە .. تەمەنی سی ساڵە ... بۆ ماوەی شەش مانگە دەبێت لێرەیە وەکو جل و بەرگی ئێمە لە بەر دەکات و لە خواردنەکەی ئێمە دەخوات .. وە زمانەکەمان فێر بووە ... خەڵکی خۆشی دەوێت وە لە سەردەستی سەدان کەس بونەتە مەسیحی .. لەو کاتەدا قەدری خۆمم زانی ...ئەوانەی کە لە سەر ناحەقن هەموو تواناەکیان بە کار دەهێنن بۆ سەرخستنی ناحەقییەکەیان .. بەڵام تۆ لە سەر حەقیت .. چیت پێشکەش کردووە ؟ هەردەم دەست پێشخەر بە و هەرگیز چاوەروانی خەڵکی تر مەبە کە ئامۆژگاریت

بکەن و نەسیحەتت بکەن و دیاریت بدەنێ خەمێك هەڵبگرە .. ئەو خەمەی کە ئەوان هەڵیان گردووە وە تۆیش هەوڵ بدە لە پێناو دینەکەتدا هەروەکو چۆن ئەوان هەوڵ دەدەن .. ماڵەکەت بە کار بهێنە تواناکەت... کەسایەتیت ... شارەزایەکەت بە کار بهێنە .. چونکە تۆ نازانیت لە چی دەرگایەکەوە دەچیتە بەهەشتەوە رەنگە فرمێسکی تەوبە کارێك .. یان پاڕانەوەی کەسێك ببێتە وەرگردنت لە ناو خەڵکیدا و خۆشەویستیت لە ئاسمان ...